لە یەکێک لە کافتریاکانی سنووری قەزای بازیانی سەر بە پارێزگای سلێمانی دوو کەس برینداربوون



ئێوارەی ئەمڕۆ یەکشەممە لە یەکێک لە کافتریاکانی سنووری قەزای بازیانی سەر بە پارێزگای سلێمانی دوو کەس لە ئەنجامی دروستوونی دەمەقاڵێ لە نێوانیاندا یەکتری بریندار دەکەن.

سەرکێوت ئەحمەد، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی لە لێدوانێکدا بە میدیاکانی ڕاگەیاندووە، "خاوەنی کافتریایەکی سنووری قەزای بازیان لەگەڵ کەسێک دەبێتە شەڕیان و لە ئەنجامدا بە چەقۆ یەکتریان بریندارکردووە".

دوای هەوداوەکەش هەردوو بریندارەکە بە مەبەستی وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی ڕەوانەی نەخۆشخانەی قەزای بازیان کراون و لە ئێستاشدا هێوشی تەندروستی هەردووکیان جێگیرە.